# ئێـــــــوه فاشـــــــل نهبـــــــــوون !

وهڵامێكی كورت به ڕاگهیاندنهكهی دكتۆر محمود عوسمان

تاهیـر حهسـهن
Tahirhassan1@yahoo.com

دكتۆر مهحمود عوسمان له ڕاگهیاندنێكیدا بۆ ڕۆژنامهی ( شرق الاوسط ) ووتی: ( ههموو ئـهو لایهنـه سیاسـیانهی ئـهمڕۆ لـه عێراقدا سهرقاڵی پێكهێنانی حكومهتن, هیچیان به كهڵكی بهڕێوهبردنی ئهم ووڵاته نایهن......بۆچی دان بـه فاشـیلبوونی خۆماندا نهنێین. ههموو فاشیل بووین بهبێ جیاوازی, وخهڵكیش لهولاوه دهكوژرێت ).

ئهگهركهسێك له ئهستێرهیهكی ترهوه دابهزێته سهر زهوی و بهر لـهوهی هیچ ڕۆژنامهیـهك بخوێنێتـهوهو پرسیار لـه هیچ كهسێك بكات و تهنیا گوێ بیستی ئهم ڕاگهیاندنهی ( محمود عوسمان ) بێت, وا تێدهگات كه كاك دكتـۆر و هاوكارهكـانی لـه ئه نجومهنی حوكم له بهغدا, قهرار بوو كارێكی تر بكهن و ئێستا كهس به بهڵێنهكهی خۆی ووهفادار نیـهو بۆیـه فهشـهلیان هێناوه؟!.

من له كاك دكتۆر دهپرسم بۆچی فهشـهلتان هێنـا؟!. بۆچـی قـهرار بـوو ئێـوه چ شـتێكی جیـاواز لـهوهی كـه ئێـستا دهیكـهن وكردتـان, بیكـهن؟!. مهگـهر ئێـوهو جهماعهتهكـهی عـهلاوی و چـهلهبی و حـهكیم هـهر ئهمـهی ئێـستا بهرنامـهتان نهبوو؟!.مهگهر بهر له ڕوودانی جهنگ و لهكۆنگرهی ( لهندهن ) تاندا بهسهر پهرشتی ووهزارهتی دهرهوهی ئـهمریكا, كهئێمـهو ئـازاد یخوازانی دنیـا ئاكـسیۆنمان لـه دژی بـهڕێوهبردو هـهر لـهوێ یهخـهمان گـرتن, هـهر ئهمـهی ئێـستا نهخرایـه بهرنامهتانهوه؟!.ئیتر بۆچی فهشهلتان هێنـا؟!. كـهی ووهزارهتـی دهرهوهی ئـهمریكا ئێـوهی لهسـهر ئـهو بناغهیـه دانـا, كـه بهكهڵكی بهڕێوهبردنی عێراق دێن؟. ئهو لـه پێنـاوی قـازانج وبهرژهووهندیـهكانی خۆیـدا نهخـشهی بـۆ وێرانكردنـی عێـراق دارشت و بۆ بهڕێوهبردنی ئهو نهخشهیهش, زانی كه ئێوه به كهڵكی وێرانكردنی ئهو ووڵاته دێن.

دهڵێی ههموومان شهڕ لهسهر پۆست و كورسی ئهكهین و خهڵكیش لهولاوه دهكوژرێت !. بۆ مهگهر قهرار بوو وا نـهبێت؟!. تـازه زانیووته خهڵكی دهكوژرێت؟.تـۆ و هاوكارهكانـت سـێ سـاڵه معاشـی ئـهو كوشت وكوشـتارهی خـهڵكی ووهردهگـرن تـازه بـیرت كهوتۆتهوه كـه خـهڵكی دهكوژرێـت؟!. ئـهی ئـهوه نیـه تهنانـهت یـهكێتی و پـارتیش لهسـهر شـهریكه بهشـیان لـه بهغـداد دهسهڵاتیان له كوردستان برابهش كردووه؟!.

ئێوه لهبهرامبهر بهشهرییهتی ئازاد یخواز و ویژدانی بهخهبهری ئینسانیهتدا مهسئولن لـه وێرانكردنـی كۆمهڵگـهی عێـراق. ئێوه به ئێمهو ملیۆنهها ئینسانی ئازاد یخواز و نـاڕازی بـه جـهنگی ئـهمریكا, كـه بهتـهواوی جهسـتهمانهوه پێـشبینی ئـهم كارهساتهی ئهمڕۆی ژیانی خهڵكی عێراقمان دهكرد, ووتتان بهعسی و ناشیرینترین جنێوتان پێ داین. ئهم مهلهفهتان بـهم دوو قسهیه له دادگای ئینسانیهتدا داناخرێ.

هێشتا زۆری بهسهردا نهڕۆیشتووه تا خهڵكی ئهو ڕاستیهی بیر چوبێتهوه. سێ ساڵ بهر له ئێستا ,ئێوهو هاو پهیمانـهكانتان بهمهبهسـتی بهدهسـتهێنانی ئـهو كورسیـهی كـه ئێـستا لـه بهغـداد لهسـهری دانیـشتوون, بـوون بـه بهشـێك لـه جـهنگی مووشهكبارانی ئهمریكا له دژی خهڵكی عێراق و له پرۆسـهی وێرانكردنـی عێراقـدا و گهیانـدنی بـهم ئاسـته مهترسیدارهی ئێستا بهشداریتان كرد. ههر ئهمهش قهرارو بهڵێنێك بوو كه ههم به ئهمریكاتان داو ههم بهیهكتری.

باشه ئهی ئێوه بهشێك نهبوون له نووسهرانی دهستوور و نائێن دهستكهوتێكی گهورهیه بۆ خهڵكی عێراق و كوردستان؟!. ئهی ئێـوه بـه ڕهش لهسـهر سپی لـه دهسـتوورهكهتاندا نـهتان نووسـیووه, كۆمهڵگـهی عێـراق كۆمهڵگهیـهكی قـهومی و دینـی و تایهفهیی یهو بۆ ههر یهكێكیش لهوانه دهبێ كوێخایهكی له دهسهڵاتدا ههبێت؟!, ئهی مهگهر تۆ و برادهرانت نهكراونهتـه كوێخای خهڵكی كوردستان له بهغدا؟!. ئهی مهگهر نازانی ئـهو جهنگـهی ئێـستا لـه نێـو شـاری بهغـداو سـامهراو ڕومـادی و كهركوك و موسڵ و حهویجه و فهلوجه بهڕێوه دهچێت, جهنگی دینی و تایهفهیی و قهومیهو تۆ و ئهوانهی لای چهپ وڕاستت

دانیشتوون نوێنەرانی بەڕێوەبردنین؟!. قەت ناشێ هێشتا لەسەر ئەو باوەڕە بیت, کە گوێگرێك ماوەتەوە بۆ بیستنی ئەوەی کە ئەمریکا بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی عێراق لەدەستی ڕژێمی بەعس و هێنانی دیموکراسی بۆ خەڵکی عێراق لەشکری هێنابێتە عێراق!!.

ئەگەر کاك مەحمود مەبەستی لە ڕاگەیاندنی ئەم فەشەلە(کە دەیەوێ گوێگر و خوێنەر وا حاڵی بکات) ئەوەیە کە نەیانتوانیوە تا ئێستا حکومەتێکی جێکەوتوو لە عێراقدا بمەزرێنن و کۆتایی بە قەیرانی حکومەتی ئێستا لە عێراقدا بهێنن, ئەوا سووچ لە قەباعەت خراپتر!!. ئێوە ڕەمەزانتان زۆر گرتووە, نۆرەی شەعبانە!. هاوەڵەکانی لیستی کاك مەحمود تا ئێستاو دوای 15ساڵ لە دەسەلاتدارەتی لە کوردستان, نەیانتوانیوە چەمچەماڵ بەڕێوە بەرن, جا نۆرەی بەغدا و کۆمەڵگەیەکی 25 ملیۆنی وەك عێراقە؟!. لەوە گاڵتەجاڕانەتر ئەوەیە کە جارو بار باسی ئەزموونی دەسەلاتدارەتی و حکومەتکردنی یەکێتی و پارتی دەکرێ ,کە گوایە دەکرێ بۆ حوکمڕانی لە عێراق کەڵکی لێ وەربگیرێ!.

بە ڕاستی قسەی ڕاست بووترێت باشە, کاك دکتۆر وهاوەڵەکانی ئەوەی لەسەریانە بە باشترین شێوە ئە نجامیان داوە,کۆمەڵگەیان غەرقی نائەمنی و کوشت وکوشتار کردووە. جەنگی قەومی و دینی وتایەفەییان هەڵگیرساندووە,هەرچی کوچەوکۆڵانەکانی شارەکانی عێراق هەیە ,کردوویانەتە مەیدانی جۆرەها دەستەوتاقم و مافیای قانوونی و حکومی,ڕۆژانە ئەوەی کە لە مەدەنیەتی کۆمەڵگەی عێراق ماوەتەوە وێرانی دەکەن. چارەنووسی خەڵکی کوردستانیان بەدەر لە ئیرادەی خەڵکەکەی لەسەر مێزەکەی حەکیم و سیستانی و دلێمی داناوەو خەریکن جۆرەها معامەلەی پێوە دەکەن!.ئیتر بۆ فەشەلیان هێناوە؟.

کاك مەحمود لە مفاوەزاتەکەی ساڵی1970- 1974 یش هەر ئەمە سنعاتەکەی بوو. هەتا مفاوەزات هەبوو بەجدی تێیدا بوو, ئەوکاتەی بزووتنەوەکەی بارزانی شکستی خوارد, ئینجا بوو بە سیاسە تمەداری کورد و کەوتە ڕەخنەگرتن و تەحلیل لە سیاسەتی ئەو کاتی مستەفا بارزانی!. ئەگەرخەڵکی کوردستان چارەنووسی سیاسی خۆیان لە دەستی یەکێتی و پارتی دەر نەهێنن و وولاتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان دانەمەزرێنن, ئەوا لە شکستی سبەینێی بزووتنەوەی کوردایەتیدا, کاك مەحمود دووبارە داستانی هەڵەکانی وەك خۆیان دەڵێن ( سەرکردایەتی سیاسی کورد )! مان بۆ دەگێڕێتەوەو ئەگەر عومر باقی بێت دوور نیە شەهادەیەکی تری پێ وەربگرێت.. ئومێدەوارم خەڵکی کوردستان بۆ یەکجارو بۆ هەمیشە ئیرادە بکەن و ئەم کابووسە لەکۆڵ خۆیان وژیانی سبەینێی منداڵەکانیان بکەنەوەو ئەم معامەلەچیانەش بە چارەنووسی ژیانی خەڵکەوە بۆ هەمیشە خانەنشین بکەن.

2006/4/21